دەست گیرا بەسەر بەرەک گوێز و هەنگوینی هاوردەدا کە شیاو نین بە خواردن

لیژنە هاوبەشەکانی پارێزگای سلێمانی دەستیان بەسەر بەرەک گوێز و هەنگوینی هاوردەدا گرتووە کە شیاو نین بە خواردن.

بەشی ڕاگەیاندنی قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی دەستیان گرت بەسەر بڕی دوو تەن گوێزدا لە دەرەوەی پارێزگای سلێمانییەوە هاوردەکرابوو، کە بەپێی ئەنجامی پشکنینی کیمیای و فیزیایی بڕی شیاو نەبووە بە خواردن، هەربۆیە بڕیاری لەناوبردنی درا"، هاوکات دەستگیرا بەسەر بڕی 150 کگم شیلەو شانەی هەنگوینی هاوردەکراوی بە بەرواردا کە بەهەنگوین لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت.